کارەبای هەرێم : لە داهاتوویەکی نزیکدا پڕۆژەی ڕووناکی هەموو کوردستان دەگرێتەوە



کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ، سەردانی بەشی فرۆشیاری وزەی کارەبای 2ی لە هەولێر کرد و سیستەمی نوێی (پرۆژەی ڕووناکی) و بە دیجیتاڵیکردنی خزمەتگوزاریی فرمانگەکەی بەسەرکردەوە کە ڕێی لە ئاسانکاری بە هاوڵاتیان و کەمکردنەوەی ڕێتین هەیە .

وەزیری کارەبا دەستخۆشی لە ستافی بەشی فرۆشیاری وزەی کارەبای 2ی لە هەولێر کرد و ئومێدی خواست هەنگاوەکانیان بۆ پێشخستن و فراوانکردنی خزمەتگوزاریەکان کەم بکرێنەوە و ئامادەیی هەموو کارئاسانییەکی خۆی و وەزارەتەکەشی بۆ ڕاپەراندنی کارەکانیان دەربڕی .

دوا تر لە نزیکەوە لە وردەکاریی سیستەمەکە و کارەکانی پرسیارەوە، کە بە شێوازێکی باش بڕۆوە دەچێت و سوپاسی تیمی وەزارەتی کرد و هیوای خواست هەنگاوەکان خێراتر بکرێن .

هەر لەم سەردانەیدا، بەدواداچوونی بۆ هەنگاوەکانی ئەزموونی پڕۆژەی ڕووناکی بۆ دابینکردنی کارەبای 24 کاتژمێری کرد، کە پێشوازییەکی باشی لەلایەن هاوڵاتیان لێکراوە و پڕۆژەکەش لە داهاتوودا

سەرانسەری هەرەمی کوردستان دەگرێتەوە .